

ئاگاداری!
هەموو خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن ڕێکخراوی IOM وە بێ بەرامبەرە

IOM
وكالة الأمم المتحدة للهجرة

edf
سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان

# پارێزگای سلێمانی

ئایا تۆ خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقیت و خاوەنی پرۆژەی خۆتی؟
ئایا پرۆژەکەت بەردەوامە و لە کاردایە بۆ ماوەیەك کە لە 4 ساڵ کەمتر نەبێت؟
ئایا خوازیاریت پرۆژەکەت فراوان بکەیت یاخود دووبارە بیبوژێنیتەوە؟

## ئەگەر وەلامی تۆ بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی سەرەوە بەڵێ یە

تۆمارکردن لە مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنە سورەکە دەبێت

**بەرواری پێشکەشکردن**
لە ٢٠٢٢/١٢/٧ تا ٢٠٢٢/١٢/٢٩

ڕۆژانی یەکشەممە بۆ پێنجشەممە: کاتژمێر ٩:٠٠ ی بەیانی بۆ ٣:٠٠ ی ئێوارە

## یان ئەتوانیت پەیوەندی بکەیت بەم ژمارانە

٠٧٧٢٥٤٧٠٨٤٠ ٠٧٥١٠٥٩٧٠٠٣



کاتێک کە دێیت بۆ ئەمنە سورەکە بۆ تۆمارکردنی پرۆژەکەت تکایە ئەمانە لەگەڵ خۆت بهێنە:

-تۆماری کارەکەت ( ئەگەر هەیە) -وێنەی تابلۆی کارەکەت (لەوحە) - وێنەی ناوەوە و دەرەوەی کارەکەت- وێنەی وەسڵی کارەکەت-ناسنامەی کەسی خاوەن کار- فۆرمی خۆراک

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ هانی ئەو پرۆژانە ئەدات داواکاریی پێشکەش بکەن کە لە لایەن ژنان و خاوەن پێداویستی تایبەتەوە خاوەندارێتی ئەکرێن

لە کاتی هەبوونی پرسیار یاخود سکاڵا یاخود لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی داواکردنی بەرتیل، تکایە پەیوەندی بکە بە هێڵی بێ بەرامبەری(80012525) IOM لە هێڵی ئاسیاسێڵ و کۆرەکەوە یاخود هێڵی بە پارەی ( 0662112525 ) لە ڕۆژانی 1 شەممە بۆ 5 شەممە لە کاتژمێر 8ـی بەیانی بۆ 5ـی ئێوارە

صندوق تطوير المشاريع edf

IOM وكالة الأمم المتحدة للهجرة

# مەرجەکانی پێشکەشکردنی داواکاری!

**ئەو پرۆژە و کۆمپانیایانەی کە مەرجەکانیان تێدایە ئەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ بەدەستهێنانی هاوکارییەکە. لە حاڵەتی نەبوونی هەریەک لەم مەرجانەی خوارەوە، داواکارییەکە ڕەت دەکرێتەوە:**

- پێویستە ژمارەی کرێکار و کارمەندانی کارەکە لە ئێستادا لە نێوان ٣ بۆ ٣٠ کەسدا بێت (جگە لە خاوەن کار).
- پێویستە کارەکە بەلانیکەم پێش ٤ ساڵ دامەزرابێت و بەردەوامبێت لە کارکردن.

- پێویستە خاوەن و بەڕێوەبەری کارەکە عێراقی بن.
- پێویستە شوێنی پرۆژە یان کارەکە بکەوێتە **پارێزگای سلێمانی**

**پرۆژەکان چۆن هەڵدەبژێردرێن ؟**

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لەڕێگەی سیستەمێکی هەڵسانگاندنەوە بەدواداچوون بۆ سەرجەم ئەو زانیارییانە دەکات کە داواکار پێشکەشی دەکات، هەتا زانیارییە پێشکەشکراوەکان ڕاست و ڕوون بێت دەرفەتی بەدەستهێنانی هاوکارییەکە زیاتر دەکات.

| پێوەرەکانی دەستنیشانکردن | پەیوەندی |
|---|---|
| بڕی پارەی داواکراو لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ | • بڕی پارەی داواکراو لەنێوان ٥٠٠٠ – ٣٠٠٠٠ دۆلاردایە، سەرو ٣٠٠٠٠ دۆلار تەنها بۆ حاڵەتی زۆر تایبەت و بەشێوەی هەڵاوێرد (أستثناء) وەرەگیرێت.<br>• پێویستە ئەو بڕە پارە داواکراوە تەنها بۆ فراوانکردنی کارەکە بەکاربێت.<br>• پێویستە بڕی ئەوپارەیە لە ١٠٠٪ی کۆی نرخی پرۆژەکە زیاترنەبێت، مەگەر هۆکارێکی پەسەندکراو هەبێت.<br>• پێویستە بڕی پارەی داواکراو واقعی بێت و لەگەڵ پلانی فراوانکردنی پرۆژەکەدا بگونجێت.<br>• تاکو پلانی کارکردن و فراوانکردن ڕونتر و وردتر و لە واقعەوە نزیکبێت چانسی وەرگرتن زیاترئەبێت، لەبەرئەوەی هۆکارێکی قایلکەر هەیە. |
| بڕی ئەو پارەیەی کە خاوەن کار هاوبەشی پێئەکات | • تاکو هاوبەشی خاوەنکار زیاتربێت، چانسی وەرگرتنی هاوکاری زیاترئەبێت.<br>• ئەو هاوبەشیەی خاوەنکار ئەکرێت بەشێوەی پارەی نەخت (نقدي) یان کەلوپەل بێت وەیان هەردوکیان (ئەو کەلوپەلانە پێویستە لەماوەیەکدا کڕدرابن کە لە ١٢ مانگ زیاترنەبێت، وە لە پلانی فراوانکردندا بەکار دەهێنرێن یان هاوبەشیان پێدەکرێت). |
| کۆی کارمەندان لە ئێستادا | • پێویستە ژمارەی کرێکار و کارماندان بە ڕاست و دروستی بنوسرێت، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ بەدواداچون و پرسیار لە راستی و دروستی ئەو زانیاریانە ئەکاتەوە لە قۆناغەکانی داهاتوودا.<br>• خاوەنکار بە کرێکار دانانرێت و نابێت وەک یەکێک لە کرێکارەکان هەژمارکرێت.<br>• پێویستە خاوەنکار تەنها ئەوکرێکارانە هەژماربکات کە هەمیشەیین یان بۆماوەی درێژ لەلای کاردەکەن، وە نابێت ئەوکرێکارانەی کە کاتین یان تەنها لەکاتی پێویستە کاریان پێدەدات وەک کرێکاری خۆی هەژمار بکات. |
| پێداویستی بە کارمەند و کرێکاری زیادکراو | • ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ ئەو داواکاریانە لەبەرچاو ئەگرێت کە هەلیکاری زیاتر ئەرەخسێنن.<br>• پێویستە پلانی فراوانکردنی کارەکە بنەمای زیادکردنی کارمەندی نوێ بێت، وە تاکو تێچووی فراوانکردنی کارەکە زیاتربێت هەلی کارو پێویستی بە کرێکاری زیاتر ئەبێت.<br>• ژمارەی ئەوکارمەندو کرێکارانەی کە پاش پلانی کارەکە ئەخرێنە سەرکار.<br>• لەوانەیە ئەو پلانی کارانەی کە تێچوەکەیان زۆرە رەتکرێنەوە ئەگەر نەبنەهۆی دروستکردنی هەلیکار.<br>• پێویستە ئەو هەلیکارە پێشنیازکراوانە بۆ ماوەی درێژبن (بە گرێبەستی ٦ مانگ بەلانی کەمەوە)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەکرێت هەلیکاری جیاواز قبوڵکرێت لە هەندێ بارودۆخدا.<br>• پێویستە موچەی کرێکارانی ئێستاو داهاتوش لەگەڵ ئەو ڕێژەی کەمترین موچەیەی کە یاسا دیاریکردوە بگونجێت و کەمترنەبێت. |
| تێکڕای قازانجی مانگانە | • پێویستە خاوەنکار تێکڕای قازانجی مانگانە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بخاتەڕو، وە تاکو زانیاریەکان دروستتربن ئەوەئەگەیەنێت کە کارەکە توانای فراوانبونی هەیە.<br>• تێکڕای قازانجی مانگانە کەمەکەرەوە وە زیادەڕەوی تێدامەکە، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ بەدواداچون و پرسیار لە راستی و دروستی ئەو زانیاریانە ئەکاتەوە لە قۆناغەکانی داهاتودە. |
| بڕی ئەو قەرزانەی کە لەسەرتە | • پێویستە تەنها ئەو قەرزانە ئاماژەیان پێبدرێت کە لەسەر کارەکەن.<br>• لەوانەیە خاوەنکارەکە قەرزاری کۆفرۆش و دابینکەر، خاوەن بینا، پرۆژەی دیکە، بانک، یان خزمەتگوزارییێت.<br>• هەبونی قەرز ئەوە ناگەیەنێت کە نەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت، هەروەها ئەوەش ناگەیەنێت کە ڕێکخراو سەیری داواکاریەکەت ناکات. |
| تەمەنی پرۆژەکە | • ژمارەی ئەو ساڵانەی کە پرۆژەکە تێیدا بەردەوامبوە و کاری کردوە لەکاتی دامەزراندنیەوە. |
| لێهاتویی خاوەنکارەکە | • ژمارەی ئەو ساڵانەی کە خاوەنکارەکە لەو بوارەدا کاری کردوە.<br>• لێهاتویی گرنگە، بۆیە ئەوساڵانەش ئەگرێتەوە کە خاوەنکار لەوبوارەدا بەڵام وەک کرێکار لای کەسێکیکە کاری کردوە. |
| پێگەی یاسایی کارەکە لەڕوی تۆمارکردنەوە | • باشترە کارەکە لە یەکێک لەم شوێنانە تۆمار کرابێت: وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی پیشەسازی، وەزارەتی تەندروستی، ژوری بازرگانی و پیشەسازی یان هەچ لایەنێکی دیکەی فەرمی.<br>• ئەگەر کار یان پرۆژەکە تۆمار نەکرابێت، ئەوەناگەیەنێت کە ڕێکخراو سەیری داواکاریەکەت ناکات، بەڵکو بۆتهەیە کە داوای هاوکاری پێشکەش بکەیت. |
| ڕەگەزی داواکار | • زۆر بە بەهێزی هانی ئافرەتانی خاوەن کار یان پرۆژە دەکەین بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانیان. |